# ئەمڕۆ هەولێر ڕووبەڕووی زەورا دەبێتەوە

**ئەمڕۆ دووشەممە کاتژمێر ٩ی شەو لە یاریگەی گەڵ لە شاری بەغدا یاری کۆتایی خولی بژاردەی عێراق بۆ تۆپی پێی لــە نێــوان هەردوو یانەی هەولێر و زەورا ئەنجام دەدرێت، دوای ئەوەی یانەی هەولێر توانی لە کۆمەڵەی یەکەم پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت و یانەی زەورا لە کۆمەڵەی دووەم پلەی یەکەمی بە دەستهێنا.**

**ئا: ڕێبین ڕەمزی**

### هەولێرییەکان چاویان لە جامی چوارەمە

هەرچەندە یانەی هەولێر لە وەرزی ئەمساڵدا بە قەیرانێکی دارایی تێپەڕ دەبێت و هیچ پاڵپشتێکی نەکراوە، بەڵام توانی ئەنجامی باش لە خولی بژاردەی عێراق و جامی یەکێتی ئاسیا بە دەستبهێنێت و لە یارییەکی ئەمڕۆدا چاوەڕوان دەکرێت زیاتر لە ٥٠ هەزار هاندەر لــە نێو یاریگە ئامادە بن و زۆربەیــان هانی یانەی زەورا دەدەن و هەندێك لە هاندەرانی هەولێر بەڵێنیان داوە بچنە شــاری بەغداد بۆ ئەوەی هانی شــێرەکانی قەڵای زەرد بدەن، بــۆ ئەوەی بتوانن بۆ جاری چوارەم جامەکە بگەڕێننــەوە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

### هەولێر لە پێشەنگی کۆمەڵەی یەکەمە و زەورا لە پێشەنگی کۆمەڵەی دووەمە

یانەی هەولێر لە کۆمەڵــەی یەکەم بوو، توانی پلەی یەکەم بۆ خۆی مســۆگەر بکات دوای کۆکردنەوەی ٥٦ خاڵ دوای ئەوەی توانی لە ١٧ یاری ســەرکەوتن بە دەستبهێنێت و ٥ یاری یەکسان بوو و ٣ یاری تووشی دۆران هات و یاریزانانی هەولێر توانیان ٥٤ گۆڵ تۆمار بکەن و ٢٠ گۆڵ لە یانەی هەولێر تۆمار کراوە.

لە بەرانبەردا یانەی زەورا لە پێشــەنگی کۆمەڵەی دووەم دێت بــە کۆکردنــەوەی ٦٢ خاڵ کاتێك لە ١٩ یاری ســەرکەوتنی بە دەســتهێنا و لە ٥ یاری یەکســانبوو و لە ٢ یاری تووشی دۆڕان هات، یاریزانانی یانەی زەورا توانیان ٤٥ گۆڵ تۆمار بکەن و ١٥ گۆڵی لێ تۆمار کرا.

### لوئەی گۆڵکاری خولی عێراق

یاریزانی هێرشــبەری یانەی هەولێر لوئەی سەڵاح لە پێشەنگی گۆڵکارانــی خولەکە دێت دوای ئــەوەی توانی ١٨ گۆڵ تۆمار بکات و بە جیاوازی ٥ گۆڵ لەگەڵ یاریزانی هێڵی هێرشــبەری یانــەی قوە جەوییە ئەمجــەد ڕازی، کە ١٣ گۆڵی تۆمار کردووە و لە پلەی ســێیەمی ڕیزبەندی گۆڵکاران یاریزانی یانەی هەولێر مەهــدی کەریم بە تۆمار کردنــی ١٢ گۆڵ دێت.بەمەش لوئەی سەڵاح بەفەرمی بووە گۆڵکاری خولی عێراق بە بێ ڕکابەر.

میژووی یارییەکانی هەولێر و زەورا

یانــەی هەولێر و زەورا لە مێژووی یارییەکانی خولەکانی عێراق تا ئێســتا ٢٨ یارییان ئەنجــام داوە، یانــەی زەورا لە ٢٠ یاری ســەرکەوتنی بە دەستهێناوە و یانەی

لە ٤ یاری سەرکەوتنی





بە دەستهێناوە و هەردوو یانە لە ٤ یاری یەکسانبوونە.

یەکەم یاری نێوان هەردوو یانە لە ســاڵی (٨٧-٨٨) بوو کاتێك یانەی زەورا توانی بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرانبەر سەرکەوتن بە دەستبهێنێت. دواین یاری لە نێوان هەردوو یانە لە ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) بوو، کاتێك هەردوو یانە لە یاری پلەی ســێیەم و چوارەم رووبەڕووی یەکتر بوونــەوە و یانەی زەورا بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرانبەر گۆڵێك سەرکەوتنی بە دەستهێنا.

## چوار ساڵە جامی عێراق هەر لە کوردستانە

لە خولی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) تا ئێســتا پاڵەوانی خولی عێراق هەر لە کوردستان بووە، کاتێك یانەی هەولێر توانی لە ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٧، ٢٠٠٧-٢٠٠٨، ٢٠٠٨-٢٠٠٩) پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت و یانــەی دهۆك لە وەرزی (٢٠٠٩-٢٠١٠) توانی پلەی یەکەم بە دەســتبهێنێت بۆ ئەم ئەمساڵیش هەولێرییەکان هەوڵ دەدەن جامەکە هەر لە کوردســتان بمینێتەوە بۆ وەرزی پێنجەم لەسەر یەکدی بۆیە جەماوەری کوردستان هەموو لە پشــت یاریزانانی یانەی هەولێرن لەم یارییە بۆ ئەوەی بتوانن دەستکەوتێکی تر بۆ کوردستان تۆمار بکەن.

## شێوازی یاریکردنی یانەی زەورا

یانەی زەورا لە یارییەکانی خولی عێراق بۆ وەرزی ئەمساڵ پشت بە یاریزانەکانی باڵەکان دەبەستێت بە تایبەتی یاریزانان حەیدەر سەباح و سامر سەعید و لە هێڵی هێرشبەر، هەریەکە لە هیشام محەمەد و عەلی سەعد مەترسییەکی تەواو لەسەر یاریزانانی هێڵی بەرگری دروست دەکەن و لە هێڵی ناوەڕاست یاریزانان ئوســامە عەلی و محەمەد ســەعد رۆڵێکی باڵایان هەیە لە دروســتکردنی هێرشەکانی یانەی زەورا و هەروەها یاریزانانی یانەی زەورا، پشــت بە لێدان لە دەرەوەی ناوچەی سزا دەبەستن و هەروەها یانەی زەورا لە لێدانی راســتەوخۆ چەندین یاریزانی بە توانای هەیــە و لە زۆرەبــەی یارییەکان بە لێدانەکانی راستەوخۆ سەرکەوتنی بە دەستهێناوە.



## ڕۆنالدینهۆ بە هیوای گەڕانەوەیە بۆ سامبا



یاریزانی یانەی فلامینگـــۆ ڕۆنالدینهۆ جاریکی دیکە هیوای ئەوەی خواســـت بگەڕێتەوە ریزی هەڵبـــژاردەی بەڕازیل و ئامادەیی خۆی نیشـــاندا لە ژێر فەرمانەکانی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی سامبا مانۆ مینیزیـــس بێـــت، ڕۆنالدینهۆ کە دوا یاری خۆی لەگـــەڵ بەڕازیل لە مانگی نۆڤەمبـــەری رابردوو بەرامبەر ئەرژەنتیـــن ئەنجامدا، گوتی: ئامانجی من ئەوەیە باشترین ئاست لە گەڵ یانەی فلامینگۆ پێشکەش بکـــەم و ئەگەر ڕاهێنەری بەڕازیل بانگهێشـــتم بکات ئەوە من ئامادەم، من خەون بەو کاتەوە دەبینم کە دەگەڕێمەوە ریزی هەڵبژاردەی ســـامبا، من ئاستی جەســـتەییم زۆر باشە، تا مۆندیالی ٢٠١٤ لەوانەیە زۆر گۆڕانکاری ڕوودبات هیوادارم بەشداری مۆندیال بکەم.

ڕۆنالدینهۆ تەمەنی ٣١ ســـاڵە و لەســـەرەتای ساڵی ٢٠١١ گەڕایـــەوە یانـــەی فلامینگۆ بـــە هیوای بەشـــداریکردن لە مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤، پێشـــتریش لە یانەکانی پاریس سان جێرمان و بەرشلۆنە و میلان یاری کردووە و لە مۆندیالەکانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٦ بەشـــداریکردووە و نازناوەکانـــی مۆندیالی ٢٠٠٢ و جامی کیشوەرەکانی ٢٠٠٥ و کوپا ئەمریکای ١٩٩٩ ی لەگەڵ بەڕازیل بەدەســـت هێناوە، لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی وەرگرتووە.



## پاستۆری..
## بەنرخترین یاریزانە لە خولی فەرەنسا

یانەی پاریس ســـان جێرمانی فەرەنســـی بە فەرمی بۆندێکی لە گـــەڵ یاریزانی لاوی ئەرژەنتینی خافێر پاســـتۆری تەمەن ٢٢ ســـاڵ، بۆ ماوەی پێنج وەرز بەرامبەر بە ٤٣ ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد، بەمەش پاستۆری دەبێتە بەنرخترین یاریزان لە مێژووی خولی فەرەنسا، پاستۆری لە وەرزی رابردوو ٣٥ یاری لەگەڵ یانەی پالێرمۆی ئیتالی ئەنجام داوەو ١١ گۆڵی تۆمارکردووە، پێشـــتریش لـــە یانەکانی تالیریس و هۆریکان لـــە ئەرژەنتین و پالێرمۆ لـــە وەرزی ٢٠٠٩ وە یاری کردووە.

پاســـتۆری هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی بە یانەی پاریس ســـان جێرمان ڕوونکـــردەوەو گوتی: چەند هۆکارێك هەن گرینگترینیان، ئەم یانەیەیە کە لەگەڵ ئاواتەکانم دەگونجێ و دەتوانم زۆرترین ژمارەی یاری ئەنجام بدەم، ئەگەر پەیوەندییم بە یانەی چێلســـی یان یانەیەکی گەورە بکردایە ئەوە زۆربە کاتەکان لە هێلی یەدەگ دەبووم ئەوەش یارمەتیم نادات لە نیشاندانی تواناکانم.

پاســـتۆری بەڵێنی بە هاندەرانی یانەی ســـان جێرمان دا کە هەوڵ بدات لە بەدەستهێنانی هەردوو نازناوی خول و جامی فەرەنســـا لە وەرزی تازە، کە لە ڕۆژی ٦-٨ -٢٠١١ یارییەکانی دەستی پێکرد و یانەکەی لە یەکەم یاریدا بەرامبەر لۆریان بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر دۆڕا.



# مانچستەر سیتی مانەوەی جۆ هارت مسۆگەر دەکات

یانەی مانچستەر سیتی سێیەمی خولی ئینگلتەرا لە وەرزی رابردوو داهاتووی گۆڵچی جۆ هارت یەکلاکردەوە بە درێژکردنەوەی بۆندەکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە، بەپێی بۆندە تازەکە هارت تا ساڵی ٢٠١٦ لە یاریگای سیتی ئۆف مانچستەر ستادیۆم بەردەوام دەبێت .

لە دوای واژۆکردنی بۆندە تازەکەی، جۆ هارت لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری فەرمی یانەی مان سیتی گوتی: بێگومان من ئێستا زۆر خۆشحاڵم لە دوای ئەم بۆندە تازەیە، کاتەکە زۆر گونجاوە بۆ مانەوە لەگەڵ یانەی مانچستەر سیتی.

هەروەها هارت گوتی: من بەهیچ شێوەیەك بیرم لە یانەیەکی دوور لە یانەی مانچستەر سیتی نەکردۆتەوە چونکە وا هەست دەکەم لە ماڵی خۆمم، ئێستا هەست دەکەم یاریزانێکی شایستەم بۆ مانەوە لە یانەی مان سیتی بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە.

شایانی باسە جۆ هارت کە لە هەمان کاتدا گۆڵچی هەڵبژاردەی ئینگلتەرایە لە وەرزی رابردوو بە باشترین گۆڵچی خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرا دەست نیشانکرا دوای ئەوەی ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد.

# پێکهاتەی خەونەکان بۆ شکست پێهێنانی بەرشلۆنە

وا دیارە یانەی بەرشلۆنە بۆتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم یانەکانی ئەوروپا و شکست پێهێنانی ئەم یانەیە کارێکی زەحمەتە، تەنانەت رۆژنامەکانیش هەوڵدەدەن بۆ ئەم مەبەستە، رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی پێکهاتەیەکی لە ١١ یاریزان دەست نیشان کردووە و ناوی لێناوە پێکهاتەی خەونەکان بۆ بردنەوە لە بەرشلۆنە.

پێکهاتەکە ئەم یاریزانانەی لە خۆگرتبوو، پیتەر چیك گۆڵچی یانەی چێلسی و هەڵبژاردەی چیك، سێرجۆ رامۆسی ئیسپانی بەرگریکاری لای راست، هەردوو یاریزانی بەرازیلی لۆسیۆ و یاریزانی بەلژیکی کۆمبانی لە ناوەڕاستی بەرگری، ئاشلی کۆلی ئینگلیزی بەرگریکاری لای چەپ.

لە هێڵی ناوەڕاست یاریزانان خافێر زانێتی ئەرژەنتینی و ستیڤن جیراردی ئینگلیزی و ویسلی شنایدەری هۆڵەندی و کریستیانۆی پورتوگالی یاری بکەن، هێرشبەرانیش هەر یەك لە یاریزانان کارلۆس تیڤێزی ئەرژەنتینی و وێن رونی ئینگلیزی بە یەکەوە یاری بکەن.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# لاوانی شێروانە بوونە پاڵەوانی لاوانی یانە پلە یەکەکانی کوردستان

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریزانانی لاوانی یانەکانی کوردستان وەکو پرۆگرامی ساڵانەی خۆیان یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆتایی بە خولی لاوانی یانە پلە یەکەکانی کوردستان هێنا، بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان یارییەکانی خولی لاوانی یانەپلەیەکەکانی کوردستان کۆتایی هات، کە دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو یانەی شێروانەی کەلار وسێمێلی شاری دهۆك گەیشتنە یاری کۆتایی خولەکە، لەسەر یاریگەی دووەمی شەهید فرەنسۆ هەریری بە ئامادەبوونی سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، یاری کۆتایی خولی لاوان لە نێوان هەردوو یانەی شێروانە وسێمێل ئەنجامدرا،لەم یارییدا کوڕانی شێروانە توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و یارییەکەش بەسەرکەوتنی شێروانە تەواو بوو بە ئەنجامی (٤-٠) گۆڵ، گۆڵەکانی یانەی شێروانە لە ڕێگای یاریزانان (هەڵۆ غەریب ٢گۆڵ،سەروەت ئەحمەد،شوان عاسی ) تۆماریان کرد.

یاریزان هەڵۆ غەریبیش لە یانەی شێروانە بە گۆڵکاری خولەکە دەرچوو بە تۆمارکردنی ٨گۆڵ.

# تیروپشکی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان ئەنجامدرا




لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە شاری هەولێر بە ئامادە بوونی سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و ئەندامانی یەکێتییەکە ونوێنەری ١٤ یانەی بەشدار بووی خولی نایابی کوردستان، تیروپشکی خولی نایابی کوردستان بۆ وەرزی ٢٠١١-٢٠١٢ ئەنجامدرا، لە سەرەتای تیروپشکەکە سەفین کانەبی وتەیەکی پێشکەش کرد، باسی گرنگی خولی کوردستانی و پێشکەوتنی ئەم خولەی کرد و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی خولەکەی کرد،لە کۆتاییدا سەفین کانەبی موژدەی بە یانەکانی کوردستاندا، کە هەر تیپێك لە هەرئاستێك لە خولەکانی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەست هێنا ٣٠ هەزار دۆلاری بۆسەرف دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کەمپێکی مەشقی لە دەرەوەی وڵات.

بڕیاریشە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان لە (٨-٩) دەستپێبکات و خولی لاوان لە (٩-٩) دەست پێبکات.

**خشتەی یارییەکانی هەفتەی یەکەمی خولی نایابی کوردستان**

شێروانە-سلێمانی، سەوڕە-نەورۆز، زاخۆ-پێشمەرگەی سلێمانی، ئارارات-زێرەڤانی، هەڵۆ-هەولێر، بروسك –کەرکوك، پێشمەرگەی هەولێر – هەندرێن.

**خشتەی یارییەکانی هەفتەی یەکەمی خولی لاوان.**

پێشمەرگەی هەولێر-هەندرێن، شێروانە-سلێمانی، سەوڕە-نەورۆز، زاخۆ-پێشمەرگەی سلێمانی، ئارارات-زێرەڤانی، هەڵۆ-هەولێر، بروسك –کەرکووك.

# یانەی دهۆک گۆڕانکارییەکی توکمەی لە تیپەکەی کردووە



دوای ئەوەی یانەی دهۆك لەم وەرزەدا نەیتوانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی بەدەست بهێنێت، یانەی دهۆك شاندێك بۆ شاری بەغدا نارد بۆ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانان.

لە لێدوانێکیدا سەعید ئەحمەد سەرپەرشتیاری تۆپی پێی یانەی دهۆك گوتی: ئێمە ماوەی چەند رۆژێکە لە شاری بەغداین لەسەر داوای ڕاهێنەری یانەکەمان ژمارەیەك گرێبەستمان مۆرکردوە لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (حوسێن کەریم، فەیسەل جاسم، عەلا گاتع گۆڵچی لە یانەی نەجەف، عەلی عەبد زیاب لە یانەی نەفتی میسان، ئوسامە عەلی لە یانەی زەورا، عەلی بەهجەت لە یانەی کەرخ، موراد گەردی لە یانەی تیلالی یەمەنی، حەیدەر رەعد گۆڵچی یانەی کەرخ، ئەنەس حاجی لە یانەی فەیسەلی ئوردەنی، بورها صهیونی یانەی جەیش سوری، یاریزانی پیشەگەری ئێرانی محەمەد محەمەدیان).

لە درێژەی قسەکانیدا سەعید ئەحمەد گوتی: گرێبەستەمان لەگەڵ هەریەکە لە عەلی وەهیب و حامد قاسم و مەعد ئیبراهیم مۆکردووە بۆ ئەوەی لە تیپەکانی خولەکانی کوردستان و لاوان و تازەپێگەیشتووان کار بکەن و بتوانن ئاستی ئەم تیپەیان بەرزبکەنەوە.

# وەزیری پەروەردە ڕێز لە هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی هەولێر دەگرێت



سەفین دزەیی وەزیری پەروەردە پێشوازی لە شاندی هەڵبژاردەی هەولێر بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان کرد، خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەشکردن بە بۆنەی وەدەستهێنانی پلەی سێیەم لەسەر ئاستی ١٨ پارێزگای عێراقدا...

شاندەکە پێکهاتبوو لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بە یاوەری سەرتیپ فاریق حەسەن سەرۆکی شاند و مومتاز ئەحمەد بەڕێوەبەری کارگێڕی، سەفین دزەیی دەستخۆشی لە هەڵبژاردەکە کرد بەبۆنەی وەدەستهێنانی پلەی سێیەم لەسەر ئاستی هەموو عێراقدا، وێڕای وەدەستهێنانی چەندین میدالیا لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیا.

وەزیری پەروەردە دووپاتیشی کردەوە، وەرزش لایەنێکی گرنگی پێشکەوتنی گەلانە و لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا وەرزش بۆتە زمانێکی جیهانی بۆ پێناسەی گەل و نەتەوەکان، بۆیە ئەم دەستکەوتەی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی هەولێر جێگەی دەستخۆشییە. لەلایەن خۆیەوە سەرتیپ فاریق حەسەن بەناوی هەڵبژاردەکە سوپاسی وەزیری پەروەردەی کردو دووپاتی کردەوە کە پێشوازی و ڕێزلێنانی وەزیری پەروەردە زیاتر هانی هەڵبژاردەکە دەدات بۆ داهێنان و دەستکەوتی وەرزشی زیاتر لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا، بەتایبەتیش کە تەواوی یاریزانان قوتابی و خوێندکارن.



# ئەمڕۆ پاڵەوانێتی خەڵاتی گەورەی یارییە سیانیەکان دەست پی دەکات

بەسەر پەرشتی یەکێتی ناوەندی یارییە سیانیەکانی عێراق وبە هاوکاری یەکێتی ناوەندی یارییە سیانیەکانی کوردستان لە دەریاچەی دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی پاڵەوانێتی خەڵاتی گەورەی یارییە سیانیەکانی یانەکانی عێراق ویانەکانی کوردستان و باکوور ئەنجامبدرێت .لەم بارەشەوە سەر چاوەیەك لە یەکێتی یارییە سیانیەکانی عێراق ئەوەی ئاشکرا کرد،کەوا ئەم پالەوانێتیە هەموو ساڵێك ئەنجام دەدرێت بڕیاریشە ئەمڕۆ دەست پی بکات،لەدەریاچەی دوکان یارییە سیانیەکانیش کە هەریەك لە یارییەکانی پاسکیل سواری و مەلەوانی و ڕاکردن لە خۆ دەگرێت . گوتیشی ماوەی پاڵەوانێتیەکەش دوو ڕۆژ دەخاینێ داوامان لەسەرجەم یانەکانی عێراق وکوردستان هەیە کە بەشداری ئەو پاڵەوانێتیە بکەن. گوتیشی پێش بینی دەکرێت ئەو پاڵەوانێتیە کێبڕکێی توند لە نێوان یاریزانان وتیپە بەشداربووەکان دوورست بێت .ئاماژەشی بەوە کرد کەوا یانەکانی کوردستان زۆر بەتوانان لەسەر ئاستی عێراق ویاریزانی زۆریان هەیە لە ئاستی هەڵبژاردەی عێراقە.

# زیکۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردەی عێراق دەکات

ڕاهێنەری بەڕازیلی زیکۆی ٥٨ ساڵ بە فەرمی بووە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بۆئەوەی سەرپەرشتی هەڵبژاردەی عێراق بکات. لە یارییەکانی پاڵاوتنی ئاسیا بۆگەیشتن بە جامی جیهانی ساڵی ٢٠١٤لە وڵاتی بەڕازیل .هەرچەندە یەکێتی تۆپی پێی عێراقی بەفەرمی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە زیکۆ یەکێك لە باشترین راهێنەرە بە بۆچوونی ئەوان،هەر بۆخۆشیان بۆندی سیدکای ڕاهێنەری ئەلمانیان نوی نەکردۆتەوە بەبیانوی ئەوەی کەوا لە ماوەی یەك ساڵی رابردوو نەیتوانیوە هیچ دەستکەوتێك بۆهەڵبژاردەی عێراق بەدەست بهێنی،یەکێتی تۆپی پێی عێراقیش



لە ڕێگای بریکاری ڕاهێنەر زیکۆ لە وڵاتی ئەردەن لەگەڵ سەرۆکی یەکێتیەکە ناجی حمود قسەی کۆتایان کردووە زیکۆ لە ئێستادا مەشقی هەڵبژاردەی عێراقی لە ئەستۆیە وبۆئەوەی هەڵبژاردەی عێراق بگەینێتە جامی جیهانی ٢٠١٤ی بەڕازیل .ئەوەی شایەنی باس کردن بێت،زیکۆ ناوی تەواوی ئەرس ئەنتۆنیس کیومبرا ناسراوە بەزیکۆ ولە ساڵی ١٩٥٣لەدایکبووە لە ساڵی ١٩٩٤وازی لە یاریکردن هێناوە لە ساڵی ١٩٩٨یاریدەدەری راهێنەری بەناوبانگی بەرازیلی زاگالۆ بووە کە سەرپەرشتی هەڵبژاردەی بەڕازیل بووە،لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ژاپۆن وجامی ئاسیای ٢٠٠٤بەدەست هێناوە بۆ ژاپۆن،ژاپۆنی گەیاندۆتە جامی جیهانی ٢٠٠٦،لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ئەرکی مەشقی یانەی فەناربەخچەی تورکی لە ئەستۆ بووە یانەکەشی گەیاندۆتە یارییەکانی چوار گۆشەی زێڕین لە ژیانی وەرزشیشی ٨٣١گۆڵێ تۆمار کردووە لە گەڵ چەندین یاریزانی بەناوبانگی بەرازیلی یاری کردوە وەکو سوقرات وبیبیتۆ وبرانکۆ لە یانەی فلامینگۆ یاری کردوە .